# سەرنجێك لەسەر بەياننامەی " نا بۆ ئاڵای فاشيزم لە كوردستان " لە لايەن سايتی دەنگەكان

يـــوسف بەكـــــــر

ئەوەی جێ ی سەرنجە سايتی دەنگەكان لەكاتی بڵاوكردنەوەی بەيننامەكەيان لەسەر ئەم بابەتە بە هيچ جۆرێک خۆی نادە لە كەناری ڕاستی و نهێنييەكان و هۆكارە ماديیەكانی ئەم ڕاگەياندنەی سەرۆكی حكومەتی كوردستان لەم كاتەدا. ديارە ئەم جۆرەش لە ڕاگەياندن و بەياننامە بێجگە لە خزمەت گەياندن بەو ئامانجە سياسيانەی كە لە لايەن دەسەڵاتدارانی كوردييە نەخشەی بۆ دارێژراوە، هيچی تر پاشكەوت ناكات.

حكومەتی هەرێمی كوردستان وەک ڕژێمێكی سەرمايەداری نەخشەكەی ئەوەيە كە "كێشەی ئاڵا" ببێتە ئامرازێک بۆ گۆرينی ئاراستەی شەپۆلی نارەزاييەتييەكانی خەڵكی كوردستان.

ئەم نارەزايەتيانە لە سەرەتای مانگی ئاب بە وێنەی پێكدادانی ڕاستەوخۆی خەڵک و هێزەكانی ناوخۆی حكومەتی هەرێم دەركەوت. بەڵام لە ئێستا و لەم هەل و مەرجە دا، ئەم بزووتنەوەی نارەزايەتی يە بە وێنەی چاوەڕوانكردنی خەڵک خۆدەنوێنێ كە حكومەتی هەرێم وەڵام بە كێشەو داواكارييەكانی بداتەوە.

حكومەتی هەرێم لە قەيرانێكی سياسی و ئيداری قووڵدا نغرۆ بووە. ئەمرۆش لە هەموو كات زياتر لەمێژووی ڕاگەياندنياندا، بەرنامەی ڕاديۆ و كەناڵەكانی تەلەفزيوونيان بەڕادەيەكی بێ وێنە بۆ چارەسەركردنی ئەم قەيرانە تەرخان كردووە. وەلامی زۆربەی كاربەدەستان تائێستاش بۆ چارەسەری ئەم قەيرانە كە بە پێ ی لێكدانەوەكانيان دەردەكەوێ ئەوەيە كە پەلە بكرێ بەنەخشەی ئابووری ئەمريكا بۆ عێراق كە ئەويش گەشەپێ دانی بێ وێنەی كەرتی تايبەتی يەو كەمكردنەوەی دەوری حكومەتە. ديارە كاربەدەستان چاک ئەزانن كە چاوەڕۆانی چينی چەوساوە ئەوەيە كە حكومەت چارەسەری دەست بەجێ ی هەبێ بۆ زۆر كێشەی بنەرەتی لە نمونەی كێشەی وەک "مەسەلەی سەربەخۆيی كوردستان" و "قەيرانی گەندەڵی ئيداری" و " كێشەی نەبوونی سەرەتايرين خزمەتگوزاريە كۆمەڵايەتتيەكان" و " هەڵاوسانی ئابووری كە بەڕادەی 30% چۆتە سەرەوە"" و "" كێشەی نايەكسانی و دەركەوتنی ديارەدەی هەژاريەكی زۆرينە و دەوڵەمەندی بە شێوەيەكی ئاشكراو زەق لە كۆمەڵدا "" و "" نيگەرانی خەڵک لە نەخشەكانی ئەمەريكا و سياسەتەكانی بانكی جيهانی كە حكومەتی هەريم و سەرمايەداری پيشوازی لێ ئەكەن"سەبارەت بەپەيوەستكردنی نرخی كالا بە نرخی بازاری جيهانی و داسەپاندنی ياسای كارێک بەسەر كۆمپانياكانی ئێرە كە بەرژەوەندی كۆمپانيای مۆنۆپۆلی جيهانی ئەپارێزێ كە يەكێ لە پاشكەوتەكانی بڕياری دەركردنی ژمارەيەكی زۆری كرێكارانی كارگەی

چیمەنتۆی تاسلوجە بوو وە ئەمەش بوە هۆی مانگرتنی 27 ئەیلول لە کارگەکە و تەقەکردن لە کرێکاران.

چارەسەرکردنێکی ڕیشەیی ئەم قەیرانە و وەڵام دانەوەی بەناڕەزاییەتییە جەماوەری یەکان لە روانگەیەکی لۆجیکەوە تەنها لەوەدا بە ئەنجام ئەگات کە نەک تەنها حکومەتی هەرێم بەڵکو تەواوی بورجوازی لە کوردستان دا پێویستە ستراتیجی خۆیان بگۆڕن و وە لەیەکەم هەڵوێستیاندا لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا، پێویستە ڕەخنەیەکی توند لە سیستەمی سیاسی و فیکری و ئیداری خۆیان بگرن کە سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم قەیرانەیە. دیارە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی سیاسی کوردی نەئەم لێهاتوویی یەیان هەیە نە ئامادەی گۆرینی ستراتیجی خۆیانن چونکە ماڵوێرانی و پاشەکشێ ی سیاسی خۆیانی لە دوایە. هەر وەک چۆن گرتنی دوو سەربازی ئیسرائیلی کرایە هۆیەک بۆ شەڕێکی ئیمپریالیستی دژی لوبنان کە ساڵێک لەمەوبەر نەخشەی بۆ کێشرابوو... ئاوەهاش لە هەل و مەرجی ئێستادا حکومەتی هەرێم فایلی ئاڵای عێراق کە دەمێکە کێشەی لەسەرە دێنێتە پێشەوە بو ئەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دژی حکومەت بەلاڕێ دا بەرێت. ئیتر نەخشەکە ئەوەیە کە خەڵکی ناڕەزا و زەحمەتکێشی کوردستان بگەیەنێ بەم ئایدیایە: کە هۆکارەکانی نایەکسانی و زەحمەتکێشی ژیانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، حکومەتی مەرکەزی بەغدایە نەک حکومەتی هەرێم. شەڕی ئاڵا شەرێکە بۆ سەرقاڵکردن و گەڕانەوەی هێزی خەڵک و کێشانەوەیان بۆ ژێر ڕکێفی سیاسەتەکانی ناسیۆنالیستی کوردی: سیاسەتێک کە ماوەی چەند مانگێک دەبێت ، لەشەڕێکی نهێنی و بێ دەنگدایە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا لەسەر مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی زیاتری داهاتی نەوت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا.

بەپێی ڕاپۆرتی 17ی ئابی ڕۆژنامەی ریسۆرس ئینڤستر، حکومەتی هەرێم پێشنووسی یەکەمین یاسای نەوتی داڕشتووە و بە نیازە لەم مانگەدا لە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بدرێت. بە پێ ی ئەو ڕۆژنامەیە یاسای تازە تەواوی دەسەڵات و داهاتی پڕۆژەکانی نەوت دەداتە دەست حکومەتی هەرێم . بەپێ یاسای ئێستا ئەم دەسەڵاتە بەتەواوی لە ژێر ڕکێفی حکومەتی مەرکەزی بەغدادایە.

بێگومان ستراتیجی بۆرجوازی کوردی لە هیچ کاتێکدا هەوڵی نەداوە پێچەوانەی ستراتیجی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا بێت کە هەتا ئێستاش لەگەڵ مانەوەی چواچێوەی دەسەڵاتی بەغدایە لە کوردستاندا... بەڵام ئەوەی کە بۆرجوازی کوردی وا لێدەکات سنگ دەرپەڕێنێ و بە جورئەتەوە هەڕەشە و دژایەتی حکومەتی مەرکەزی"" حکومەتی مـــالـــکـــی "" بکات لەم کاتەدا و تەنانەت سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتدارانی بەغدا بەوە تاوانبار بکات کە داهاتی کوردستانیان دزیوە، سەرچاوەکەی لەوێوە هاتووە کە حکومەتی جورج بۆشیش نیگەرانە لە حکومەتی مالـــکـــی و باسیش هەیە سەبارەت بە ""ڕژێم گۆرانێکی تر لە عێراق"" دا........ ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز لە ڕۆژی 16 ی ئاب دا بە درێژی باسی کۆبوونەوەیەکی نهێنی گەورە بەرپرسیارانی ئەمەریکا ئەکات بە ئامادەبوونی سەروکی ئەمەریکا. لەم کۆبوونەوەیەدا جۆرج بۆش بە توندی ڕەخنەی لە حکومەتی مـــالـــکـــی گرتووە لەوەی نەیتوانیوە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بپارێزێ. هەر بەپێ ی

ئەو ڕۆژنامەیە گەورە بەرپرسیارانی ئەمەریکی پێشبینی ئەوە ئەکەن کە تەمەنی ئەم حکومەتە لە چەند مانگێکی تر زیاتر نەخایەنێت. هەروەها حکومەتی مالکی بەپێ ی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە ڕۆژی 4ی ئەیلولدا، وەفدێکی ناردووە بۆ واشنتۆن بە مەبەستی وەرگرتنی وەڵامی ڕەسمی سەبارەت بە یەک پرسیاری ستراتیجی کە : ئایا ئەمەریکا بە نیازی ئاڵوگۆری ڕژێیمە؟.

کەواتە سەیر نییە کە حکومەتی هەرێم هێرش ئەکاتە سەر کۆنە هاوپەیمانەکانی چونکە تیشکی سەوزیان لە( واشەنتن )ەوە وەرگرتووە. ستراتیجەکەش ئەوەیە کە بورجوازی کوردی بە سەرکوتکردنی نارەزایەتی یە جەماوەرییەکان و وە دابین کردنی هەل و مەرج و زەمینەی لەبار بۆ پرۆسیسەکردنی سەرکەوتوانەی (ئیستیسمار) لە کوردستان دا ئەتوانن دەورێکی گەورەتریان هەبێت لە پاراستنی پەرژەوەندی یە ئیمپریالیستی یەکانی ئەمەریکا لە عێراق و کوردستان دا.

لێرەوە، ڕاگەیاندنی شەڕی ئالا پێویستیەکی مێژوویی سەرمایەدارانەو وە هیچ سوود و دەسکەوتێکی نابێت بۆ خەڵکی زەحمەتکێش چونکە لە بناغەدا پارێزەری هەمان ئەو هەل و مەرجە قێزەوونەیە کە خەڵکی کوردستان لە کەلارو دەربەندەوە تا ئەگاتە دهۆک لێ ی نارازییە.

دەستنیشان نەکردنی ئەم ڕاستیانە لە باسی کێشەی ئاڵا، هەر وەکو لە بەیاننامەی سایتی دەنگەکان هاتووە، بەداخەوە وا دەردەکەوێ کە خزمەت بە نەخشە و پیلانەکانی حکومەتی هەرێم بکات کە مەبەستی زیاتر پاشەکشێ پێکردنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانە....... نارەزایەتییەک کە سایتی دەنگەکان هەوڵێکی بەرین و بەرچاوی گێڕاوە بۆ چوونە پێشەوە و بەهێز کردنی.